ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

Windows Security Center-SP2-1

نووسەر: :@

من ویندۆز XPـم زۆر خۆش دەوێت، زۆر کار ئاسانکاری دەکات و زۆر تایبەتمەندی جوانی تێدایە کە وەشانەکانی پێشتری نەیانبووە یان وەک ئەوەی ئیکسپی چاک نەبوون.
یەکێک لەو تایبەتمەندیانە کە ویندۆز XP لەم دواییانەدا پێی زۆرکرا، Windows Security Center بوو کە لە رێی دامەزراندی Service Pack 2-SP2ـەوە دادەمەزرێت.
من لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەم هەموو بەشە پێویست و گرنگەکانی Security Center شیبکەمەوە و ئاسانکاریەک بکەم بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ زۆرتر لەو تایبەتمەندیە شارەزا بن.
پێش هەموو شتێک ئەم وانەیە تایبەتە بە Windows XP کە SP2ـی لەسەر دامەزرابێت.
ئەگەر SP2ـت دانەمەزراندووە و دەتەوێ دایبەزرێنی دەتوانی لێرەوە دایبگریت. بەمەرجێک گەر زمانی ویندۆزەکەت ئینگلیزیە.
Windows XP Service Pack 2
ئەگەر نە، دەتوانی لە رێگەی Windows Updateـەوە دایبەمەزرێنیت.
http://windowsupdate.microsoft.com
من هەنگاوەکانی دامزراندن شیناکەمەوە، چوونە زۆر جیاوازی نیە لەگەڵ دامەزراندنی SP1. پرۆگرامەکە خۆشی لەکاتی دامەزراندندا رێنووێنی پێویست پیشان دەدات و یارمەتیدەر دەبێت لەکاتی دامەزراندن دا.
پاش ئەوەی کە Security Center دامەزرا و هەموو کارەکانی کۆتایی پێهات، برۆ بۆ Control Panel و لەوێدا کرتە بکە سەر Security Center.




زۆربەی ئەو کەسانەی کە دایانمەزراندووە بەم شیوەیە دەرچووە لایان.




<1 Firewall، ئاگره دیوار. وەشانی نوێی ئەو ئاگرە دیوارەی کە ویندۆز ئیکسپی پێشتر هەیبوو. وەک دەبینی کە بە ڕەنگی سەوز نووسراوە ON، مانای وایە چالاکە و کاری خۆی دەکات.

<2 Automatic Updates، نوێکارییەکانی ویندۆز کە لەلایەن مایکرۆسۆفتەوە دروست دەکرێن و ویندۆزەکەت خۆی دایاندەگرێت و دایاندەمەزرێنێت. ئەویش چالاکە و کاری خۆی دەکات.

<3 Virus Protection، چالاکی پرۆگرامی دژەڤایرۆس. وەک ڕوونە نووسراوە Check Status، مانای وایە دەبێ چاوێکی لێبکەیت و ببینی کە پرۆگرامی دژەڤایرۆست هەیە لە نێو کۆمپیوتەرەکەت یان نە. ئەگەر نیتە دەبێ پرۆگرامێک دابمەزرێنیت بۆ نموونە مایکرۆسۆفت ئەم پرۆگرامانەی پێ باشە.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
|  |  |  |  |  |  |
| eTrust EZ Armor | F-Secure | Mcafee | Symantec Norton | Panda Software | Trend Micro-PC-Cillin |

بەڵام مایکرۆسۆفت ئەوەشی نووسیووە کە ویندۆز هەموو پرۆگرامەکانی دژەڤایرۆس ناناسێتەوە، بۆیە مانای ئەوە نیە کە کۆمپیوتەرەکەت لە مەترسیە، لەکاتێکدا کە پرۆگرامی دژە ڤایرۆست دامەزراندبێت. بەڵام ئەگەر پرۆگرامت نیە دەتوانی لەو پرۆگرامانەی سەرەوە هەڵبژێریت و دایبگرە و پاشان دایبمەزرێنە.




کرته بکه سەر Recommendation بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکانی مایکرۆسۆفت ببینیت سەبارەت بە پرۆگرامی دژەڤایرۆس.
کە کرتەت کردە سەری، پەنجەرەیەکی وەک ئەمەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە.




5> دەڵی کە دڵنیا بە کە پرۆگرامی دژەڤایرۆست دامەزراندووە. یان پرۆگرامە دامەزراوەکەت دواترین بەرگری و چارەسەری ڤایرۆسە

نوێکانی هەیە.

6> یـان پرۆگرامێکـی دیکـە دابمەزرێنـە. (مایکرۆسۆفت دەتباتـە پەڕەیـەک کـە لـەو پرۆگرامانـەی سـەرەوەی تێدایـە لـەگـەڵ هەندێک زانیاری سەبارەت بە پرۆگرامەکە).

7> دەتوانی ئەو خاڵەی Security Center ناچالاک بکەیت و لە داهاتوودا کۆنترۆڵی بەشی پرۆگرامی دژەڤایرۆس نەکات.

ئەگـەر خـاڵی ژمـارە حـەوتت چـالاک کردبێـت و OK ـت کرتـە کردبێـت پەنجـەرەی Security Center بـەم شـیوەیەی لێـدێت. Not Monitored.

بەڵام ئەگەر پرۆگرامی دژەڤایرۆسی Mcafee ـت هەبێت، ئەو خاڵە لە هەوڵەو سەوز دەبێت.




خاڵەکانی دیکە کە لە Windows Security Center دا شیدەکەمەوە، Automatic Updates و Windows Firewall.




کرتە بکە سەر Automatic Updates، پەنجەرەیەکی وەک ئەمەی خوارەوە دەکرێتەوە.



Automatic Update چیە و سوودی چیە؟

Automatic Update بریتیە لە پرۆگرامێکی سەربە ویندۆز کە خۆی بەشیوەی ئاوتۆماتیکی یان بەشێوەیەک کە خۆت دیاری بکەیت، نوێکاریەکانی ویندۆز دابمەزرێنێت و پاش تەواو بوونی ئەو نوێکاریانەی تایبەت بە ویندۆز ئاگادارت دەکاتەوە.

سوودی ئەوەیە کە هەندێک جار مایکرۆسۆفت، کۆمپانیای دروستکەری ویندۆز، نوێکاری و چارەسەری نوێ بۆ ویندۆز و کێشەکانی دروست دەکات و پاشان دەتوانی دایانبگریت و دایانبمەزرێنیتە نێو کۆمپیوتەرەکەت، کە کاری کۆمپیوتەر باشتر و هەندێک جار ئاسانتر دەکات.

10> Automatic. بە شیوەیەک کە ویندۆز خۆی ئەو نوێکاریانە دابگرێت لەو کاتەی کە بۆی دیاری دەکەیت. (مایکرۆسۆفت خۆی ئەمەی پێ باشە).

11> نوێکاریەکان دابگرێ، بەڵام خۆت ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە کام نوێکاری دابمەزرێت و کامەش دانەمەزریت.

12> کاتێک کە نوێکاری نوێ هەبوو، پێش هەموو شتێک ئاگادارت بکاتەوەو پاشان خۆت دایانگریت و داشیان بمەزرێنیت.

13> Automatic Updates ناچالاک بکرێت و نەهیچ شێوەیەک چالاکی نەمێنێ.

لەبیرت نەچی، گەر هەر گۆڕانکاریەکت کرد دەبێ OK کرتە بکەیت بۆ جێگیر بوونی.

9. Windows Firewall

Firewall = ئاگرەدیوار.

ئاگرەدیوار چیە و سوودی چیە؟

ئاگرەدیوار بە ناوەکەیەوە ڕوونە، دیوارێکی ئاگرین کە هەموو شتێک بە ئاسانی ناتوانی لێیەوە تێپەڕێ. بەڵام لە بواری ئایتی دا دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئایا ئەو پرۆگرامەی کە بەکاری دێنی چەندە چاکە و دیوارە ئاگرینەکەی چەندە بەتینە.

کاری ئاگرەدیوار ئەوەیە کە دیوارێکی ئاگرین بە دەور زانیاریەکانی نێو کۆمپیوتەرەکەت دا دروست بکات و لەهەموو هێرشێکی دەرەکی ئەو زانیاری و پەڕگانە بپارێزێ.

چوونکە کاتێک تۆ دەچیتە سەر ئینتەرنێت دەرگایەکی زۆر گەورەی کۆمپیوتەرەکەت کراوە دەبێت بۆ ناردن و وەرگرتنی زانیاری و پاکێت لە/بۆ ئینتەرنێت. بەکارهێنەرانی دیکەش لە سەر ئینتەرنێت زۆر زۆرن، هەندێک لەو بەکارهێنەرانە دەیەوێ زانیاری بەکارهێنەریکی دیکە بزانێت، بۆیە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی لەڕێی ئەو دەرگا کراوەیەی کۆمپیوتەر بۆ ئینتەرنێت، بچێتە نێو کۆمپیوتەرانی دیکەوە و زانیاری و پەڕگە بدزێت.

کاری پرۆگرامی ئاگرە دیواریش ئەوەیە کە کۆمپیوتەر بپارێزێ لەو جۆرە هێرشانە. پرۆگرامێکی ئاگرەدیوار ئاگادارت دەکاتەو لەو کونانەی کە دەیانەوێ دروست بن لە دەرگای کۆمپیوتەرەکەت و هەوڵ دەدات کە کۆنترۆڵت هەبێت بەسەر ئەو کونانەدا و خۆت بزانیت کام کونە کراوەیە.

هەر پرۆگرامێک کە پێویستی بە ئینتەرنێت هەبێت بۆ ئەوەی کار بکات، پێویستی بە کونێکە لەڕێگەیەوە کارەکانی هەڵسوڕێنی. هەندێک پرۆگرام هەیە زۆرتری دەوێ. ئەگەر بێت و زۆر پرۆگرامت هەبێت کە بە ئینتەرنێت کار بکەن و کون زۆر کراوە بێت لەو دیوارە ئاگرینە، ئەوا دیوارە وەک دیوارێکی ئاگرینی بەهێز نامێنێتەوە و وەک ئەوە وایە کە دیوارەکە پر بوو بێ لە کون. بۆیە باشتر وایە چاوەدێری ئەو کونانە بکەیت گەر لە زانیاریەکانی نێو کۆمپیوتەرەکەت دەترسی لە ون بوون.

پرۆگرام زۆر بەڵام من خۆم Outpost Firewallم پێ باشە، لەبەر ئەوەی کە قەبارەکەی بچووکە و کۆنترۆڵی چاکی هەیە بە سەر هەموو جۆرە چالاکیەکی ئینتەرنێت و هەڵبژاردنی چاکی هەیە بۆ بەکارهێنەرەکەی.

ماڵپەڕی پرۆگرام http://www.agnitum.com/products/outpost

لە دووەمین وێنەی پێشوودا کرتە بکە سەر Windows Firewall، پەنجەرەیەکی وەک ئەمەت بۆ دەکرێتەوە.




بەشی General.

14> ئاگرەدیواری ویندۆز چالاک بێت و کۆمپیوتەرەکەت بپاریزێت. ( مایکرۆسۆفت ئەمەی پێ باشە).

15> ئاگادار کردنەوە ناچالاک بکات، بۆ کاتێک پێویستە کە ئەو کۆمپیوتەرە لە جێگایەکی گشتیی دا بێت و پێویست بەو ئاگادارییانە نەکات.

16> ئاگرەدیواری ویندۆز ناچالاک بکە. (مایکرۆسۆفت ئەمەی پێ باش نیە).

بەشی Exceptions.




ئەگەر خاڵی 15 چالاک کردبێت لە سەرەوە، ئاگرەدیواری ویندۆز ئاوتۆماتیکی هەموو جۆرە هەوڵێکی دەرەکی بۆ ئەو کۆمپیوتەرە قەدەغە دەکات و ڕەتی دەکاتەوە. بۆیە ئەگەر دەتەوێ ئاگرەدیوارەکە ڕێ بە پرۆگرامێک یان پۆرتێکی تایبەت بدات، دەتوانی لەم بەشەدا ئەو شتانە ڕیکبخەی.

17> ئەو پرۆگرامانەی کە دەتوانن کاربکەن بە ئینتەرنێت یان تۆڕ و ڕێگەیان پێبدرێت.

18> زۆرکردنی پرۆگرامێک.

19> زۆرکردنی پۆرتێک.

20> دەستکاریکردن.

21> کاتێک ئاگرەدیواری ویندۆز پرۆگرامێک یان چالاکیەک ڕەت دەکاتەوە، ئاگاداریەک پیشان بدات.

22> زانیاری زۆرتر لە مایکرۆسۆفتەوە سەبارەت بەم بەشە.




بـەشی دووەم

---

Oct 2005 13

## Gulf Hurricane Relief

Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.

آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت